# ئۆڕووپا و کێشەی زمانی کوردی لە تورکیا

## وەرگێڕان لە ئاڵمانییەوە: مەولوود خانچەزەرد- بۆکان

***

*پێشەکی وەرگێڕ : بە پێی ئاڵ و گۆڕێکی کە لە تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا لە جیهانی ئێستا دا هاتۆتە پێشێ و مەسەلەی "بە جیهانی بوون" لە ئارا دایە، بارودۆخی ووڵاتان و نەتەوەکانی خستۆتە گوشار و مەترسییەوە، بە جۆرێک کە ئاستی ڕاگەیاندن و پێوەندییەکان وای کردووە کە نەتەوەکانی جیهانی زۆر لێک نزێک خستۆتەوە و نەتەوەکانی هان داوە کە لەو پێوەندییانە دا بۆ پاراستنی زمان و فەرهەنگی خۆیان تێ بکۆشن و لێهاتوویی خۆیان لە کێ بەر کێی جیهانی دا نیشان بدەن. هەر چی بێت مەسەلەی بە جیهانی بوون ئەو حوسنەی هەیە کە نەتەوەکان هان دەدات کە زیاتر لە فیکری پاراستنی زمان و فەرهەنگەکەیان دابن و زیاتر گەشەی پێ بدەن بە پێچەوانەی هەندێک کە دەڵێن مەسەلەی بە جیهانی بوون دەبێتە لە ناو چوونی زۆربەی زمان و فەرهەنگەکان. لێرەدا "زمان- Die Sprache " دەتوانێ گەورەترین ڕۆڵی خۆی بنوێنێت؛ بەڵام کاتێک کە ئەو زمانە پوویا بێت و کەرەسە و ئیمکاناتی بۆ دابمەزرێت و لە فێرگە و زانستگاکان بخوێندرێت و وەرگێڕانی کتێب و ووتاری زمانەکانی نەتەوەکانی تر لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و حقووقی و پزیشکی و... پێ ئەنجام بدرێت. چونکە تا زمانێک بە ئاستی نوسین نەگات و مەکتووب نەبێت ئەو زمانە لەوانەیە بمرێت. وتارێکی کە هەر ئێستا لە بەر دەستانە وەرگێڕانی وتارێکی پێوەندیدارە بە گرینگی زمان، کە لە زمانی ئاڵمانییەوە کە لە لایەن نووسەرێکی عەلەوی کورد بە ناوی حەیدەر ئیشیک ( Hydar Isik ) کەلە 1 ی سێپتامبری 1937 لە ناوچەی " دێرسیم" ی باکووری کوردستان لە دایک بووە و لە ساڵی 1984 ەوە بۆتە تەبەعە و پەنابەری ئاڵمان و لەوێ دەژی کە تا ئێستا چەندین وتار و بابەتی بە زمانی ئاڵمانی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە. لە دەقی وەرگێڕدراوی ئەو بابەتە دا دەبینین کە بارودۆخی نالەباری و کەند و کۆسپی زمانی نەتەوەی کوردی لە باکووری کوردستان ( تورکیا ) خستۆتە ڕوو، بە جۆرێک کە ئەگەرکوو بارودۆخی زمانی کوردی بەو شێوەیە کە دەوڵەتی تورکیا هێناویەتە پێشێ بچێتە پێش لە داهاتوو دا زۆر جێی مەترسی دەبێت، بۆیە داوا لە ئۆڕووپا و وڵاتانی پێشکەوتوو دەکات کە پێش بەو جەنایاتە دژی ئینسانییانەی تورکیا بگرن و لانی کەم زمانی کوردی لە فێرگە و زانستگاکان بخوێندرێت تا وەکوو میراتێکی ئینسانی مافی ڕاهێنان و خوێندن و نووسینی وەکوو تەواوی زمانەکانی تری جیهان هەبێت بۆ وەی گەشە بکات و بپارێزرێ:*

****

بە گوێرەی وتەی « هیومبووڵدت – **Humboldt** » زانا و پسپۆڕی ئاڵمانی " زمانی هەر نەتەوەیەک، ئێحساس و ڕووح و گیانی هەر نەتەوەیەکە و هەست و ئێحساس و ڕووحیشیان ( Ihre Seele) زمانەکەیانە ". ئێمەی کوردیش سەبارەت بەو مەسەلەیە دەبێ بڵێین کە زمانەکەمان هەویە و پێناسەمانە و هەویە و پێناسەشمان ( unsere Identität ) هەبوونی زمانەکەمانە کە هەست بە هەبوونی خۆمان دەکەین. هەست و ڕووحی کوردان، زمانەکەیانە کەتا ئێستا هەموو کات لە تورکیا دا یاساغ بووە و بەرگری لێ کراوە. لە ماددەی 42 ی یاسای تورکیا دا هاتووە کە " بنکە و ئەنستیتۆ فێرکاری و ڕاهێنان و کەلتوورییەکان ئیزن بە هاووڵاتییانی تورکیا نادەن کە زمانێک جگە لەزمانی تورکی وەکوو زمانی زگماکی der

( Muttersprache) بۆ فێر کردن و بارهێنان بە کار ببردرێت " . لە ماددەی 3 ی هەمان یاسا دا هاتووە بەو مانایە کە " تورکیا وڵاتێکی تاکەنەتەوەیە و زمانەکەشی تەنیا و تەنیا زمانی تورکییە و بەس ".

لە ماددەی چواریش دا لەهەمان یاسا دا هاتووە کە " زمانی تورکی زمانێکی سەرەکییە و ناگۆڕدرێ و هەر جۆرە داخوازییەکیش سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانێکی تر لەپاڵ زمانی تورکی نایاسایی و قەدەغەیە ". لە یاسای پارتە سیاسییەکان دا یاساغ بوون و قەدەغەبوونی زمانی و فەرهەنگی لە ماددەی 81 ی b دا بە ڕوونی و ڕاستەوخۆ هاتووە کە " پارتە سیاسییەکان ئیزن نادەن جگە لە زمان و فەرهەنگی تورکی پشتیوانی لە زمان و فەرهەنگێکی تر بکرێت و بە کار بهێندرێت، ئەوان ڕازی نین کە بە دانی مافی کەمینەکان لە تورکیا، سەدەمەیەک بگات بە یەکگرتوویی خاک و نەتەوەی تورکان ".

لە ماددەی 81 ی c ش دا هاتووە کە " پارتە سیاسییەکان لە ئەساسنامە و پرۆگرام و بڵاڤۆک و ئەنجومەن و پرۆپاگەندە و دانووستان و نووسینەکانیان لە دەرەوەو و ناوەوە دا ئیزن بە بەکارهێنانی هیچ زمانێک جگە زمانی تورکی نادەن، تا ئەو جێیە کە لە ئەساسنامە و پرۆگرامەکانیان دا بە پێی یاسا و قانوونێک کە خۆیان دایانناوە، زمانی تورکی لە بنکە و ناوەندە فەرمییە ڕاهێنەر و فێرکارییەکان دا بە ڕەوا ناسراوە و بەرگری لێ ناکرێت "؛ یانی بە پێی ئەو حوکمە کەسێک مافی ئەوەی نییە کە بە زمانی کوردی ( die kurdische Sprache ) کە نایاسایی و قەدەغە کراوە لە گەڵ خەڵک بدوێت و بە تایبەت لە ناوەندە فەرمییەکانی دەوڵەت، بەو زمانە مامەڵە و هەڵس و کەوت بکات. لە و ڕووەوە تورکیا بە هەموو کەرەستەیەک هەوڵی داوە کە کوردان لە هەست و ڕووحیان ( کە زمانەکەیانە ) بێ بەش بکات؛ بە واتای تر 20 ملیۆن کوردی تورکیا لە ژێر گوشار و پاکتاو کردنی زمانی و کەلتووری و نەتەوەیی دان، تاکوو بەو شێوەیە لە ناو فەرهەنگ و نەتەوەی تورک دا بیان توێننەوە.

تەواوی شوێن و ناوچە جوغرافییەکانی کوردان ناوی تورکیان بۆ دانراوە و بۆ دایک و باوکی هەر بنەماڵەیەکی کورد کە ناوی کوردی لە منداڵەکانی بنێت بە توندترین شێوە سزای بۆ براوەتەوە. چونکە دەوڵەتی تورکیا لە دابەش بوون و جیا بوونەوە ی خاکی تورکیا زۆر دەترسێت؛ بۆیە کوردان تاوانبار دەکات بە جودایی خوازی( Separatismus ) و ویست و داخوازەکانیان لە بەر چاو ناگرێت و بە چاوی سووک و چنۆک دەڕوانێتە داواکارییەکانیان. تورکیا لە بنەڕەت دا هەوڵی داوە کە بناغەی هەست و ئیحساس و عاتیفەی ئێمەی کورد وەک زمان و فەرهەنگ و مێژوو ( Geschichte ) و ئەخلاق و داب و نەرێت و چۆنییەتی و کەسایەتی کوردی بۆ هەمیشە لە ناو بەرێت.

منداڵانی کورد مەجبوور کراون کە زمانێک بخوێنن کە زۆر ئەوان ئازار دەدات و لە گەڵ زوڵم و سەرکوت و گیران و بەندکردن دایە؛ بۆیە ڕاپەڕینی ڕزگاری خوازی کوردان دژ بە تورکان هێشتاش لە ئارا دایە و درێژەی هەیە. مەسەلەی خوێندنی منداڵانی کورد تا ئەو ڕادەیەیە کە منداڵانی کورد لە فێرگە و قوتابخانەکان کە زۆر تەوهین دەکرێت بە زمان و

فەرهەنگی کوردان و بە چاوی سووک و تورکانی کێوی سەیر دەکرێن، هەست بە گوناه و خۆ بەکەم زانین و بێ هۆوییەتی دەکەن کە تەگەرەیەکە بۆ گەشە و تەکامولی ڕەوانی و دەروونی ئەو منداڵانە کە بۆ ئەوان زۆر زیانبارە.

لە فێرگەو قوتابخانەکان ئەگەر قوتابییەکی کورد بە ناوی کورد ناو ببردرێت یان بناسرێت، یان خۆی بە کورد بناسێنێت، لە گەڵ جنێو و قسەی سووک و بێ حورمەتی بەرەوڕوو دەبێت و دارکاری دەکرێت. من چەندین کەڕەت بیستوومە کە دەڵێن " ئەگەر هەر کەسێک دان بە کورد بوونی خۆی بێنێت، بڵێ من کوردم، ئەوە ئەوان ( قوتابییە تورکەکان ) ماف و ئیزنی ئەوەیان هەیە کە تف بکەنە نێو چاوانی و گاڵتەی پێ بکەن و لە زەوقی بدەن "، کوتنی ئەو جۆرە وتە تەوهینانە لە لایەن جەماڵ گورسێل؛ ژێنێراڵی پێک هێنەری کۆدەتا کە بووە سەرۆک کۆماریش، پەسند کراو و هاتنە ئاراوە.

من بەوە زۆر قەڵس و تووڕەم ئەگەرکوو بزانم ڕژێمی کەمالیستی لە تورکیا بە زۆری لە وڵات و نیشتمان و زمانی زگماکی خۆم بێ بەریم دەکات و ناهێڵێت کە خاوەنی نیشتمان و زمانی خۆم بم. من مەجبوورم لە گۆڕپانی هەندێک ئەلفاز و وشەی عەجیب و غەریب کە بۆ من نەناسیاو و بێگانەیە گەشە بکەم و پەروەردە بم. ئێمرۆش نەوەکانم بە زۆر مەجبوور دەکرێن کە شتایەک فێر بن کە لە گەڵ زمان و خاک و نیشتمان و فەرهەنگیان یەک ناگرێتەوە. منداڵێکی کورد کە زمانی تورکی نازانێت مەجبوورە کە لە سەرەتای دەس پێکردنی خوێندن لە فێرگە و قوتابخانەکان بە زمانی تورکی فێر بێت و بخوێنێت و بەو زمانەش بیر بکاتەوە و قسە بکات، لێرەدایە کە ئەو منداڵە کوردانە بە هۆی ئەوە کە بە باشی لە تورکی تێ ناگەن و لە سەرەتا لە خوێندن دا گرفتیان دەبێت، دەکەونە بەر هێرشی گەپ و گاڵتە و تەوهین و سووکایەتییەوە، هەر ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو منداڵانە هەست بە شانازییەک لە زمانی تورکی بکەن و لە بەرامبەر زمانی کوردی خۆیان دا هەست بە بێ بایخی و خۆ بەکەم زانین و بێ ئەرزشی بکەن.

تورکیا زمانەکەی ئێمەی خراپ و ناکامڵ و بێ بایەخ دەزانێت و لە سەر ئەم ڕایەیە کە ئەو زمانە شیاوی قسە پێ کردن و نوسین و خوێندن لە قوتابخانەکان نییە، بۆیە حوکمی قەدەغە کردنی لە سەر داوە. لەو کاتەوە تاکوو ئێمرۆ بەکارهێنانی زمانی کوردییان بە تەوهین و بێ حورمەتی بە زمانی تورکی ( کە بە ڕای ئەوان ) دایکی تەواوی زمانەکانە لە قەڵەم داوە. دوای ئەوەی کە زمانی کوردی لە تورکیا بە پێی حوکمی قەدەغەکردنێک لە لایەن دەوڵەتەوە تووشی شکست هات، چاوەڕوانی لە ئۆرووپا دەکرا کە لە بەرامبەر ئەم مەسەلەیە بە توندی هەڵوێست بگرێت. هەرچی بێت زمانی کوردی؛ زمانی 20 ملیۆن کەسە لە تورکیا کە دەبێت وەکوو میراتێکی ئینسانی (Erbe der Menschheit ) چاوی لێ بکرێت.

زانا و پسپۆڕی کۆمەڵناس و ڕەگەز ناس؛ پرۆفیسۆر دکتۆر ( Pro. Dr. Egon von Eickstedt ) کە بۆ ماوەی 50 ساڵ لە کوردستان لە کاری لێکۆڵینەوە دا بووە دەنووسێت کە " زمانی کوردی کۆنترین زمانی دنیایە کە هەزاران ساڵە هەر لە قەفقازەوە تاکوو کێوەکانی تووروس مرۆڤی کورد قسەی پێ دەکات. دەبێ ئەو زمانە وەکوو گەنجینەیەکی مێژوویی سەیر بکرێت،

زمانێکی کە هەزاران ساڵە قسەی پێ دەکرێ و خاوەنی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆیەتی و زۆربەی شاعیران بەرهەمەکانیان پێ نووسیوە؛ بۆیە پێویستە کە لە لایەن ئۆڕووپاوە یارمەتی بدرێت و پشتیوانی لێ بکرێت ".

من ئۆڕووپا وەکوو بناغەی پرۆژەی ئینسانی و پێشکەوتوو دەزانم. بە پێی هەبوونی زمان و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی ئۆڕووپا دەبینین ئەوا بڕیاری ئیزن دانی ئۆڕووپا لە سەر چارەسەری زمانی کوردی لە تورکیا ڕەنگ دانەوەی خراپی نابێت و نابێتە مەترسییەک بۆ تورکیا، شتێکی کە تورکیا ئێستا لێی نیگەرانە. ڕۆژێک لە دەفتەری کارەکەم لە " موونیخ " ( München )؛ تەلەفوونی لە گەڵ بەڕێز وێرهێیوگێن ( Verheugen )؛ کە نوێنەری گەشەی ئۆڕووپا بوو پرسیم کە مناڵانی کورد بە پێی یاسا و حوکمێکی کە ئۆڕووپا هەیەتی دەتوانن زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن؟ وڵامی دامەوە کە " هەروەکوو ژاپۆنییەک کە لە "موونیخ" مافی ئەوەی هەیە کە بە زمانی ژاپۆنی دەرس بە منداڵێک بڵێتەوە، هەر ئەو مافەش بۆ کوردان هەیە کە لە "دیاربەکر" بە زمانی کوردی دەرس بە مناڵی کوردان بکوترێتەوە ". کوردەکانیش بۆ خۆیان نەتەوەیەکن کە زمان و کەلتووری تایبەت بە خۆیان هەیە؛ بە واتای تر نەتەوەیەکی وەکوو کورد یان هەر نەتەوەیەکی تر مافی ئەوەیان هەیە کە خوازیاری دابین بوونی مافەکانی زمانی و فەرهەنگی خۆیان بن. چۆن دەکرێ ئۆڕووپا ئەو شتە بە دەستی کەم بگرێت و زۆر بەرپرسیار نەبێت لە کاتێک دا بۆ خۆی بڕوای پێیەتی وبڕیاری لە سەر داوە؟

لە ماددەی 6 ی بڕیارنامەی ئۆڕووپادا ( EU-Vertrags ) ، ئەسڵی ئازادی ( der Freiheit ) و دێمۆکراسی و ڕێزلێنان لە مافی مرۆڤ( der Achtung der Menschenrechte ) و تابەعییەت و پەنابەری وەکوو ئەسڵێکی بنەڕەتی هاوبەش لە ئۆڕووپا لە بەر چاو دەگیرێت، لە پێشەکی بڕیار و مەنشووری مافی بنەڕەتی ئۆڕووپا دا بە ڕاشکاوی هاتووە و باسی لێ کراوە (§22)؛ بە واتای تر " فێربوون و ڕاهێنان ( Die Unterrichtung ) بە زمانی کەمینەییەکان تەنیا لە چوارچێوەی دەورەی خۆسووسی ( Privatkursen ) ئیزن دراوە". کوردەکان بۆ ڕاهێنانی زمانی کوردی لە هەوڵی دانانی هێندێک دەورەی خۆسووسی دان لە "وان" و "باتمان"، بەڵام ئەو داواکارییە لە لایەن بەرپرسانی حکومەتەوە بەرگری لێ کراوە. ئێمڕۆش هیچ دەورەیەکی ڕاهێنانی زمانی کوردیمان بەو شێوەیە نییە.

بە هەڵە لە قەڵەم دانی پێکهاتنی ئەو دەورەیانە بۆ ڕاهێنانی زمانی کوردی لە تورکیا زۆر شتێکی سەیر نییە؛ چونکە هێشتا بەکارهێنانی تەنانەت پیتی ئەلف و بێی کوردی قەدەغەیە؛ بۆ وێنە بەکارهێنانی پیتی ( x ) و ( w ) و ( q ) کە لەکوردی دا هەن و لە زمانی تورکی دا نین قەدەغەیە.

ئەگەر ئەو دەورە خۆسووسییانەش بۆ ڕاهێنانی زمانی کوردی دوای ئەو هەمووە بەرگرییە لە تورکیا دابندرێت؛ ( بە ڕای تورکیا ) تەنیا ئەو قوتابیانەی کە دەورەی سەرەتاییان تەواو کردووە قەبووڵ دەکرێن، بە جورێک کە ئەو قوتابیانە کە لە کلاسی 6 و7 و8 دان دەتوانن لە ئاخری هەر حەوتوویەک یان لە کاتی پشوودانی هاوین دا لەو دەورەیانە بەشداری بکەن.

هێنانە ئارای پڕۆگرامی ئەو دەورەیانە تەنیا لە بواری ڕاهێنانی زمانەوە دەبێت؛ بە واتای تر بابەتەکانی ڕاهێنان ناتوانن سەبارەت بە بابەتەکانی فەرهەنگی و مێژوویی و جوغرافیایی بن. ئەوان دەبێ لە وەزارەتی پەروەردەو بارهێنان ( Erziehungsministerium ) ئیزن وەرگرن. ئیزن نادرێ ئەو شتەی کە دژایەتی لە گەڵ ڕای گشتی خەڵکی تورک یان ڕژێم دەکات و دەبێتە مەترسییەک بۆ یەکدەست بوون و یەکگرتوویی و سەروەری خاک و نیشتمان و نەتەوەی تورک و تورکیا، لەو کلاسانە باس بکرێ.

کوردان مەجبوور کراون کە یان حاشا لە زمان و نەتەوەی خۆیان بکەن یان بە دزی و نایاسایی زمانی زگماکی خۆیان فێر بن. فێربوون و ڕاهێنانی زمانەکەیان بە شێوەی خۆسووسی خەرج هەڵگرە، کە من ئەو شتە بۆ گەلی سیابەخت و چارەڕەشی کورد دوور لە ئینساف و ویژدانی ئینسانی دەزانم. ڕوولە زیادبوونی ئەو نایەکبوونی و نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییە لە سیستەمی ڕاهێنان و فەرهەنگی فەرمی دەوڵەت دا بەرچاوە.

هێز و توانایی و پتانسیێلی زمانی زگماکی ( وەکوو کوردی ) لە ئاستێکی زۆر بەرز دایە؛ تا ئەو جێیە کە ئەرکی زمانی زگماکی زۆر گرینگە، بۆیە دەبێ بە دەستی کەم نەگیرێت و لانی کەم ڕاهێنانی وەک زمانی دووهەم ی( Zweitsprache ) وڵات لە سەرەتای دەس پێکردنی فێرگە و قوتابخانەکان لە کلاسی یەکەم لە پەروەردەو بارهێنان وەک ڕشتەیەکی ئەسڵی دابندرێت و عەمەلی کرێت، چونکە ئەوە، مافی ڕاستەقینەی خۆمانە کە دەبێ بەڕێوە بچێت.

لێرەدا گرینگە ئاماژە بەوە بکەم کە زمانی کوردی یەکێک لە لقی زمانەکانی هێند و ئۆڕووپاییە کە جیاوازی زۆری هەیە لە گەڵ زمانی تورکی، چونکە زمانی تورکی لقێک لە زمانەکانی ئاڵتی – مەغوولییە کە هیچ خزمایەتێکی دەگەڵ زمانی کوردی نییە.

ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە ئۆڕووپا لە گۆڕان پێداهاتنی تورکیا ڕازی و خۆشحاڵ بێت، بەڵام ڕاستی ئەو مەسەلەیە ڕوون و ئاشکرا نییە، تورکیا دەبێ بۆ چوونە ناو ڕیزی یەکێتی ئۆڕووپاوە لە بواری فەرهەنگی و زمانی و سیستەمی ڕاهێنان لە پەروەردە و بارهێنان دا گۆڕانکاری لە خۆی دا پێک بێنێت و لە یاسای بنەڕەتی وڵاتەکەی دا بە فەرمی بیناسێت. بە گوێرەی وتەی "ماکس وان – Max van der Stoel " نوێنەری ( OSZE )" سەبارەت بە بارودۆخی کەمینە نەتەوەییەکان ""مافی کەمینەکان ( die Minderheitenrechte ) بەشێکی جیانەکەرەوە لە مافی مرۆڤە ( der Menschenrechte ) ، ئەو مافەش دەبێ لە بواری هەویە و پێناسەیانەوە بەرابەر و یەکسان بێت لە گەڵ مافی زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین. کەمینەی نەتەوەی وەکوو کوردیش دەبێ مافەکانی لە تەواوی بوارەکانی زمانی و کەلتوورییەوە لە پەروەردەو بارهێنانی تورکیا دا بە فەرمی بناسرێت.

چوارچێوەی ئاشتی و تەبایی و سازش لە پاراستنی مافی کەمینەکان دایە کە لە ماددەی 12و 13 دا هاتووە کە " کەمینە نەتەوەییەکان دەبێ بە شێوەی یەکسان و بەرابەر شانسی وەدەست هێنانی تەواوی پلەکانی ڕاهێنانیان هەبێت، بۆ ئەو کارەش دەبێ لە پەروەردەو ڕاهێنان چارەسەرێک بۆ ئەو مەبەستە بدۆزرێتەوە؛ تا ئەو جێیە کە وەدەست هێنانی شانسی ڕاهێنانی

زمانی کوردی لە تورکیا بە شێوەی ڕایەگان و خۆڕایی بێت و بۆ بنەماڵەکانی کورد خەرجی تێ نەچێت، ئەگینا نابەرابەری و بێ عەداڵەتی دێتە پێشێ. دوای ئەوەش ڕاهێنان بە زمانی زگماکی دەبێ لە کاروباری فێرگەکانی دەوڵەتیش دا پێشنیار بکرێت. لە ماددەی 14 دا هاتووە کە بەو مانایەیە کە هەر کەسێک کە پێوەندی بە یەکێک لە کەمینەکانی میللیەوە هەبێت، ئەو مافەی هەبێت کە هەلی بۆ برەخسێت بۆ ڕاهێنانی زمانەکەیان.

هەر چەند تا ئێستا ئەو شتانە لە مەنشووری ئۆڕووپا دا بە ڕوونی و ئاشکرا خراونەتە ڕوو، بەڵام کوردەکان لەو مافانە بێ بەرین و دوور خراونەتەوە. تورکیا تا ئێستا هێندێکی لەو بڕیارنامانەی نێونەتەوەیی مۆر نەکردووە. لە ئەساسنامە و مەنشووری ئۆڕووپا دا پشتیوانی لە زمانی کەمینەکانی هەر وڵاتێک کراوە.

ئۆڕووپا بۆ هەر کاندیدایەک کە بیهەوێ بچێتە گەڵ ئۆڕووپا بە ڕوونی هەندێک پێوانەی فۆرموولەکراوی هەیە کە دەبێ لە بەر چاو بگیرێت، لە تورکیا دەبینین کە ئەو وڵاتە بۆ گۆڕینی ئەو بنەما و ئەساسنامە نامرۆڤەی کە هەیەتی تا بەو پێوانەیە بگات کە ئۆڕووپا دیاری کردووە بۆ چوونە ناو ڕیزی یەکێتی ئۆڕووپاوە تا ئێستا هیچ تەرح و نەخشەیەکی سەرەتای بۆ پێشنیار نەکراوە. لە ئۆڕووپا ئەو گۆڕانکارییەی کە بە جوانی و ڕێک وپێک بە شێوەی پێشکەوتوو لە بەر چاو دەگرێت تا ئێستا بۆ کوردان نەڕەخساوە و نەهاتۆتە ئاراوە. قوتابیانی کورد هێشتا لە سەرەتای ڕاهێنان لە فێرگەکان دەبێ سوێند بخۆن و متمانە حاسڵ کەن کە تورکن.

من هیوام بەو پرۆژە ئینسانییە و پێشکەوتەیە کە لە ئۆڕووپا هەیە بۆ مافی کەمینە نەتەوەییەکان و ئەو مانا ڕاگەیاندنەی گشتی مافی مرۆڤی ڕێخراوە نێو نەتەوەییەکان و هەروەها ئەو شتانەی کە بڕیاری نێونەتەوەیی ئۆڕووپای لە سەرە هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کوردان و خستنە گوشاری دەوڵەتی تورکیا بەو مافە ئینسانییانەی کە پێشێلی کردووە و دەیکات.

کاتێک کە خوێندکاران و قوتابیانی کورد لە تورکیا لە زانستگاکان و فێرگەکانیان خوازیاری پێکهاتنی ڕاهێنانی زمانی زگماکی خۆیان بوون وەکوو ڕشتەیەکی ئەسڵی لەو شوێنانەدا و هەروەها دایک و باوکەکانیش لە داواکاری خوێندکاران و قوتابییەکان پشتیوانیان کرد، وەزیری تورکیا ئەو کارەی بە ناڕەوا زانی و بە جودایی خوازی تاوانبار کرد و هەڵوێستی توووند و تیژی گرت لە بەرامبەر ئەو مەسەلەیە، لێرەدا بوو کە ئەو داواکارییە ئارام و مەدەنییە بۆ وەدیهاتنی سەرەتایی ترین مافیان لە لایەن کاربەدەستانی تورکەوە بە کردەوەیەکی خراپ و دژی حکومەت و ڕژێم لە قەڵەم درا و خوێندکارەکان و دایک و باوکەکان تووشی گیر و گرفت بوون و ڕەوانەی بەندیخانە کران. بە داخەوە ئۆڕووپا دوای ئەوە هیچ جم و جۆڵ و هەڵوێستی ئەوتۆی لە خۆی نیشان نەدا لە هەمبەر ئەو مەسەلەیەدا.

دەوڵەتێکی وەکوو تورکیا کە شارۆمەندە کوردەکانی لە مەڕ داواکارییە سەرەتاییەکانیان بە سزا و تاوان مەحکووم دەکات، دەبێ ئۆڕووپا لە مان و مەوجوودیەتی 20 ملیۆن کوردی تورکیا وڵامدەر بێت و پشتیوانیان لێ بکات. جانیس ساکێللاریۆ ( Jannis Sakellariou ) ؛

نوێنەری پێشووی ئۆڕووپا لە ڕێکەوتی 85/4/16 .. دا لە پەرلەمانی ئۆڕووپا ڕای گەیاند کە " ئێمە خوازیاری بەرابەری و یەکسانین لە بواری مافی ڕاهێنان و فێرکاری بە زمانی زگماکی لە پاڵ زمانی فەرمی و سەرەکی هەر وڵاتێک؛ بۆ وێنە لە بەرابەر فەرهەنگی خەڵکانێک وەکوو کورد، کە سەدان هەزار کەس لە بازاڕی هاوبەش و موشتەڕەکی ئۆڕووپا دا ژیان دەبەنە سەر و لە شانسی ژیانێکی باش بەهرەمەندن، کە لەو کۆمەڵگایەدا وەکوو شارۆمەندێکی ئازاد بە زمان و فەرهەنگیان بایەخ دەدرێت و هەلی ڕاهێنان بە زمانی زگماکی خۆیان بۆ ڕەخساوە، بەڵام لە کاتێک دا لە تورکیا ئەو کارە بە جورم و تاوان و خەیانەت بە وڵات و نەتەوەی تورک ناساندووە، هەر بۆیە دادگاکانی تورکیا قسە کردن بە زمانی زگماکی و پاراستنی فەرهەنگ و کەلەپووری نەتەوەیی کوردان بە تاوانێکی گەورە دەزانن و زیاتر لە یەک ساڵ زیندانی بۆ دەبڕنەوە.

کەم کاری ئۆڕووپا لە پێناو کێشەی کورد دا دەبێتە هۆی ئەوە کە نەتوانێت بە باشی بارودۆخی کوردان هەڵسەنگێنێت و دەرکیان بکات. ئێستا زیاتر لە یەک ملیۆن کورد لە ئۆڕووپای ڕۆژئاوا دەژین، ئەگەر ئەوان ببینن کە ئۆڕووپا هیچ نیاز و پێویستییەک نابینێت سەبارەت بە لە گوشار خستنی تورکیا، ئەوە ئەوان خۆیان مەجبوور دەبن لە ئۆڕووپا و تورکیا هاواری مافی عەداڵەت خوازی و مەدەنی و دێمۆکراتیکیان ( ihre gerechten Rechte zivil und demokratisch) بەرز کەنەوە و دیسانیش تورکیا مەجبوور ببێت سوبات و ئەمنییەتی خۆی بپارێزێ.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بە گرفتێک بکەم کە زۆر گرینگە، ئەگەر ئۆڕووپا بە شێوەی عادڵانە بە دەنگ و ویستی خەڵکی کوردەوە نەچێت و خوازیاری ڕاهێنان بە زمانی زگماکیان لە فێرگە و قوتابخانەکانی دەوڵەتی وەکوو ڕشتەیەکی ئەسڵی بۆ منداڵانی کورد نەبێت مەترسی ئەوە هەیە کە کوردان کە تا ئێستا کە بۆ ئۆڕووپا و جیهان و ڕۆژئاوا ناسراون لەو بارودۆخە نالەبارەدا تووشی سەرلێشێواوی و ناهومێدی زیاتر ببن تا ڕادەیەک کە خۆیان تەریک کەنەوە و متمانەیان بە ئۆڕووپا نەمێنێت و خۆیانی لێ دوور خەنەوە.

من لێرەدا ئەو پرسیارە لە ئۆڕووپاییەکان دەکەم کە " دەبینین کە ئۆڕووپا بایەخێکی یەکسان و بەرابەریان هەیە بۆ خەڵک و نەتەوەکانی خۆیان؛ تا ئەو جێیە کە مافی مەدەنی و شارستانییەتی و دێمۆکراتیکیان بێ جیاوازی بۆ تەواو چین و توێژی کۆمەڵگاکانیان دیاری کردووە، ئەدی لە بەرامبەر ئێش و ئازارەکانی کوردەکان چییان دیاری کردووە؟ بڵێین کە وایە، ئەدی تا ئێستا بۆ لە بەرامبەر ماڵ وێران بوون و خاپور بوونی هەزاران گوندی کوردستان بە دەستی ئەڕتەشی تورکیا کە بەڕێوەچووە و دەچێت چ هەڵوێست و کردەوەیەکیان بووە؟ ئەوانە بە جێی خۆی، ئەدی بۆ چی ڕاهێنان بە زمانی زگماکی خۆمان هێشتا ئازاد نییە؟

لە بارودۆخی نالەبار و دڵتەزێنی ئێستای کوردەکان دەبێ بڵێین کە وڵاتانی ئۆڕووپاییش تاوانبارن لەو مەسەلەیەدا؛ بۆ وێنە لە " ئاڵمان"؛ نەزم و نیزامی ئەڕتەشی و هەستی ڕەگەز پەرەستی و نەتەوایەتی ئاڵمانییەکان بۆتە بەڵگەیەک کە تورکەکان خۆیان لە کردەوە

پێشێلکاری مافە ئینسانییەکانی کەمینەکان خۆیان بپەرێننەوە و جارو باریش لە باری کەل و پەلی نیزامیشەوە لە لایەن ئاڵمانەوە یارمەتی دراون، "ئینگلستان" و "فەرەنسە" ش بێ ئەوەی لە ڕای گشتی خەڵکی کورد بپرسن، خاک و نیشتمانی کوردستانیان بە شێوەی نادێمۆکراتیک لە بەینی دەوڵەتانی وەکوو تورکیا و سوریا و عێراق دابەش کرد؛ لەو ڕێیەوە ئۆرووپاش لە پێناو بەدبەختی و چارەڕەشی کوردان تاوانبارە.

تورکەکان مەسەلێکیان هەیە کە دەڵێن " هەرکەسێک زمانێک بزانێت ئەوا بە یەک نەفەر دێتە ئەژمار بەڵام ئەگەر کەسێک دوو زمان بزانێت بە دوو نەفەر دێتە ئەژمار " کەوایە دەبوایە بۆ زمانی کوردی بایەخیان دانابا و بیانهێشتبایە وەک زمانی دووهەمی وڵات بخوێندرێت و ئەوانیش فێری بن، بەڵام بەداخەوە زمانی کوردییان پێ زمان نییە تا لێی حاڵی بن و بیانهەوێ.

زمان و فەرهەنگمان بەزۆری لە ناو زمان و فەرهەنگی خۆیان دەتوێننەوە، لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا زۆربەی کوردەکان مەجبوور دەبن کە هەڵێن بۆ هەندەران. ئەو کوردانەی کە هەڵوەدای ئۆرووپا بوون بە تایبەتی لە گیروگرفتێکی بنەڕەتی دان، چوونکە ئەوان بە هۆی حەزف و سڕینەوەی زمانی زگماکیان لە تورکیا، ئەساس و بنەڕەتی ژیانیان لە دەست داوە.

ئەگەر زمانی کوردی بە گشتی ئازاد بکرێت و لە پاڵ زمانی تورکی بخوێندرێت و بە فەرمی بناسرێت و لە یاسای بنەڕەتی حکومەت دا بگونجێت، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین لە تورکیا دا دوو نەتەوەی تورک و کورد هەن کە بە ئازادی گەڵ یەک ژیان دەبەنە سەر و لە تەبا و ڕەبایی دان و یەکگرتوون. بۆیە ئۆرووپاش دەبێت ئەوە بە ئیمتیازێکی سەرەکی دابنێت ( بە تایبەت ئاڵمان کە جەخت و گوشاری زیاتری کوردە پەنابەرەکانی تورکیای لە سەرە ) و بە فەرمی خوازیاری ڕاهێنان بە زمانی زگماکی لە فێرگە و قوتابخانەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ کوردان ببن.

جیهان لە لای ئێمەی کورد ڕەش و تاریک و نالەبارە؛ چوونکە بارودۆخەکان زۆر ڕوون و ئاشکرا نین و داهاتوویەکی نادیارمان هەیە؛ هێشتا نەمانتوانیوە بە مافی ڕاهێنانی زمانی خۆمان لە فێرگەو زانستگاکان بگەین، ڕەنگە ئەم جیهانە بۆ هێندێک نەتەوە و کۆمەڵگا زۆر جوان و لەبار بێت بەڵام بۆ ئێمە وا نییە.

شاعیری بەناوبانگی کورد ( جگەر خوێن- Cigerxwin ) دەڵێت کە " کاتێک بەهار دێت بە هەموو خۆشی و جوانییەوە، ئێمەی کورد دەمانهەوێ هەست بە ڕۆژی ئازاد و سەربەخۆ بکەین و بە ئازادی جەژنی نەتەوایەتی بگرین؛ بۆیە جارێکی تر داوامان لە ئۆرووپا هەیە کە پشتیوانی لە مافی ڕاهێنان و بارهێنان بە زمانی کوردی خۆمان بکات تا لە تورکیا ژیانێکی باشمان هەبێت بە ئەندازەی ژیانی تورکەکان نە زیاتر– نە کەمتر، ئەوە ویست و داخوازی و ئامانج ئێمەیە... .

سەرچاوە : http://www.efrin.net / Deutsch

لە گۆڤاری « مەهاباد »یش دا بڵاو کراوەتەوە